# یاسای دەستەی سەرۆكایەتی هەرێمی كوردستانی عێراق

بەناوی خوای بەخشندە ومیهرەبانە وە
بەناوی گەلەوە
ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق
ژمارەی بڕیار:٤٨
مێژووی بڕیار:١٩٩٣/١٢/٢٢

بڕیار

بە پێی حوكمە كاني برگە(١) لە مادده (٥٦)ی یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ و لەسەر داوای ژمارەی یاسایی ئەندامانی ئەنجومەنی نیشاتمانی عێراق.
ئەنجومەنی نیشتمانی لە دانیشتنی ڕۆژی ١٩٩٣/١٢/٢٠ دا بڕیاری دەرچواندنی ئەم یاسایەی دا.

یاسای ژمارە (١٩) ی ساڵی ١٩٩٣
یاسای دەستەی سەرۆكایەتی هەرێمی كوردستانی عێراق

ماددەی یەكەم:
بەدەر لە حوكمەكانی یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی١٩٩٢ دەستەیەك دادەمەزرێ پێی دەگوترێ (دەستەی سەرۆكایەتی هەرێمی كوردستانی عێراق) و ئەم دەسەڵات و ئەركانەی كە لە یاسای ناوبراوی سەرەوەدا هاتوون جێ بەجێ دەكات تاكو قۆناغی دووەمی هەڵبژاردنی رابەری بزووتنەوەی رزگاری خوازیی كوردی تەواو دەبێت.

ماددەی دووەم:
دەستەی ناوبراو لە ماددەی یەكەمی ئەم یاسایە لەو دوو پاڵێوراوانە پێك دێت كە زۆرترین دەنگی دەنگدەرانیان لەو هەڵبژاردنەی كە بە پێی یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی ١٩٩٢ لەڕۆژی ١٩٩٢/٥/١٩ دا كراوە، لەگەڵ سەرۆكی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق و سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی كوردستانی عێراق و دوو ئەندامی مەكتەبی سیاسی هەریەك لەودوو حزبەی كە دوو پاڵێوراوەكە تێی دان.

ماددەی سێیەم:
بڕیارەكانی دەستە بە تێكڕای دەنگ وەردەگیرێن و بە ئیمزای ئەودوو پاڵێوراوە دەردەچن، كە لە ماددەی دووەمی ئەم یاسایەدا هاتوون و لە كاتێك دا كە یەكێك لەو دووپاڵێوراوانە لە دەرەوەی هەرێم بوون، ئیمزای ئەو ئەندامانەی ئامادە دەبن بەسەو ئامادە نەبوونی كارناكاتە سەر نیصابی كۆبوونەوەی دەستەكە.

ماددەی چوارەم:
لە كاتێكدا كە هەردوو پاڵێوراو بەیەكەوە لە دەرەوەی هەرێم بوون، بڕیارەكان بە ڕێككەوتنی ئەو ئەندامانەی كەدەمێننەوە وەردەگیرێن و بە ئیمزای سەرۆكی ئەنجومەنی نیشتمانی كوردستانی عێراق و سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی كوردستان دەردەچن.

ماددەی پێنجەم:
ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق بڕیاری ئەمانە دەدا:
١/ ناونانی ئەو پاڵێوراوانەی کە لە ماددەی (٢)ی ئەم یاسایە ئەنجام دەدا ئەمەش لەبەر ڕۆشنایی ئەنجامی هەڵبژاردنی ڕۆژی ١٩٩٢/٥/١٩ دەبێ.
٢/ناوی ئەو ئەندامانەی هەردوو مەکتەبی سیاسی بۆ ئەندامێتی دەستەکە دەستنیشان دەکات کە لەلایەن هەردوو حزبەوە پاڵێوراوان.
٣/ ڕوو لە ئەندامانی دەستە دەنێت تاکو بە پێی ئەم یاسایە و یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی ١٩٩٢ بۆ ئەوەی هەریەکەیان ئەو کارو ئەرکانە جێ بەجێ بکەن کە پێیان سپێردراوە.

ماددەی شەشەم:
ئەندامانی دەستە بەر لە دەست بەکاربوونیان و بەکارهێنانی ئەو دەسەڵاتانەی کە پێیان سپێردراوە سوێندی یاسایی بە پێی ماددە (٩)ی یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی ١٩٩٢ لەبەردەم ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق دەخۆن.

ماددەی حەوتەم:
هەموو بڕیار و کارێك کە بە پێی دەسەڵاتەکانی کە لە یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی ١٩٩٢ دا هاتبێ تاکو دەرچوونی ئەم یاسایە شەرعین و جێ بەجێ دەکرێن.

ماددی هەشتەم:
هەر دەقێکی دیکە لەگەڵ ئەم یاسایە نەگونجێ کاری پێ ناکرێ.

ماددەی نۆیەم:
ئەم یاسایە لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی ڕەسمی دا کاری پێ دەکرێ.

جوهر نامق سالم
سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق